# هۆنراوە



# هەڵۆ

www.gagesh.com

کەریم دانشیار

## یارە ژیکەڵانەکەم !

یارە ژیکەڵانەکەم !
گوڵم !
بە هەر نیگایێ ، مەوجی چاوە مەستە جوانەکەت ،
دەچێتە ناو دڵم !
هەر بە گوێی دڵم !
گوێ دەگرمە گرفە گرفی شیعرە ئاگرینەکەت .
شیعرە ڕێک و پێکەکەی
بە تاو و تینەکەت !
هەر بە چاوی دڵ دەڕوانمە دیمەنی ئەوینەکەت !
تۆ ! ئەوینمی ..
ڕێک و پێک ترینە شیعری تاکو ئێستە هەڵنەبەستراوی ژینمی !
تۆ ! هەڵۆی خەیاڵی هەڵفڕینمی !
هەر دەکەومە سەر هەوا ، بە هەڵفڕینەکەت !
بە جازیبەی ڕەوەندی تێپەڕینەکەت !
بە شیعری باڵی چەندە ڕەنگی تاوسی خەیاڵ
بە خوێندنەوەی سروودی مەرگی کۆرپە نازەنینەکەت ،
مەرگی کۆرپە نازەنینەکەت
لادە لادە لادە لا     دەلەچکە تەسکە کەسکەکەت !

خۆشەویستەکەم !
عەزیزەکەم ! گەزیزەکەم !
تاقە ڕۆڵە جوانەمەرگەکەی بەهاری کورت !
ڕۆڵە خۆشەویستەکەی تەلان و کێو و چەم !
تۆ ! هەزرا ئایەتی ، لە کانیاوی پڕ لە ئاو و خیزەکەم !
لە کاتی تونییایەتی ،
بە چەشنی بیری بەرزەفڕ، بێ سنوور و بێ نیهایەتی ،
تۆ ! قیامەتی !
دڵستێن و دڵڕفێن و خەوڕەوێنمی !
تۆ ! تەواونوێنی عەشقی پاک و خەمڕەوێنمی !
تۆ ! پەل و نەمام ڕاوەشێنی باخی بادە هێنمی !
تێکەڵاوی گوشت و پێست و ئێسک و خوێنمی !
خوێنی خوێنەکەم !
هیچ وەبیرتە ئەودەمەی
کە کەوتمە جەغزی کەسکە کەسکی چاوە مەستە کەسکەکانی
پڕ لە سیحر و جوانی تۆ ؟
بوومە مەستی مەست و سێحری سێحری چاوە مەستەکانی تۆ ؟

دەستی خۆم بڕی !.
دەستی خۆم بڕی بە بەژنی باڵی شیعری ئاڵی تەم نیشانی تۆ .
بۆیە کورتە دەستی ئەمن و
خوێن دەبارێ هەر لە هەوری عاسمانی مانی تۆ .
جوانە بووکەکە !
هەر هەنووکە دەمهەوێ
کە بێمە جێی ژوانی تۆ .
مەرگی کۆرپە نازەنینەکەت
لادە لادە لا دەلەچکە تەسکە کەسکەکەت !

ها .. ترووسکەکەم
جامی دڵ پڕی شەڕابی شەوقی شیعری شەو شەوە
بەو نیگایە پاکە مەندەیەت
وەسوەسەی دڵی پڕم هەلا هەلاکە، ببیە شیعرەکەم !
ببیە شیعرەکەم
تاکە ڕۆشنایی خاتە هەوری دڵ برووسکەکەت .
تا ڕەها بی گوڵپەڕی خەیاڵی ناسکی
تاسکە تاسکی
ئاسکی باسکی
بسکەکەت .
لادە لادە لا دەلەچکە تەسکە کەسکەکەت !

1351 ی هەتاوی

****

## ئێوارەی دەریا

ئێوارەیە ، عاسمانی دەریا
ئاهەنگی شەپۆلی پۆلی عاسی
ماسیگرەیەک لە هات و چۆ دا
بۆ ڕاوی هەراوی وردە ماسی
برسێتی بە نەحسێتی وەکو خێو
هێرشبەری سەر «شۆڕش»ی سەرسەخت
دەریا لەوی بۆتە سەد موعەمما
هەروەک ئەبەدییەتێکی بەدبەخت
گەرچی نیە دەربەستی خودی خۆی
تەرمی خەمی ڕۆڵەی بە قەرا کێو
مەل هاتەوە سەر سنووری بەستێن
تا قوشبوونەوەی بەختی بەرین بێ
«شۆڕش» بە چەکی زەمانە وەستێن
وەک شیعرێکی وەزنی لە لەرین بێ
ئەنگوستی  کە دانا بە پەلە ، سەر پەلەپیتکە
هەروەک سووری ئیسڕافیل ئەچوو دەم لە دەمین بێ
نێو چەک تیرە بۆ ئەستەمی تەشبیهی بە ـ پیت ـ کە
هاکا کە  هەر ئێستا ، دەمێ تر نەخشی زەمین بێ
بێچارە مەلی بێچوولە برسی ...
یەکجارە تەقی گوللە لە بن باڵی مەلی دا
سووڕا سەری وەک عەقرەبەیەکی لە زەمانە پڕ و یاخی
مووچوڕکی لە سەر تا پێی و یەک نرکە لە ناخی
هات و بۆ چرووکی خەمی دوو بێچوولەکانی
قوشبۆوە بەرەو هێڵی ئەبەد ڕەمزی نەمانی
دوو باڵی پەخش بۆوە بەسەر بەحری کەوانی
تابلۆیەکی زیندوو بوو دەڕۆیی بە ڕەوانی
وێستا لە بۆ یەکدەم حەرەکەی عالەمی پەرگار
ڕۆیشت و لە خوێن شوێنێکی جێ هێشت
گیانی شەمی شۆڕشی لە قەنارەی عەدەمی دا
تیرێکی جەرگبڕ بوو لە گورچووی قەدەمی دا
تەرمی کوڕی پڕ حەسرەتیی پێهێشت.

1356 ی هەتاوی

****

# نیشتمان

بە دەستی هەستم شەو دەپێچمەوە
سا بە هەناسەم ڕۆژ ئەژێنمەوە
شیعر و هەڵبەستم دەکەم بە پردێ
گەنج و گەنجینەی پێ بپەڕنەوە
یا خۆ گەر بێتو کارم سەر نەگرێ
هەر بوەستم و دابمێنمەوە
دەستم بە بڕین چێ و ئەوکم هەڵببڕێ
بە سەر بڕاوی سەر بنێمەوە

ئەشێ بێ ڕۆژی دوا هەستانەوە
مردووی گۆڕستان هەستن لە گۆڕێ
پۆلی ئەستێران دە نیوە شەودا
لە دەوری خۆرا ببەستن کۆڕێ
خوڕ خوڕ ببارێ بەرەو ژووری سەر
لە دەریایی خوێن تا هەڵدەچۆڕێ
ناشێ نیشتمان هەرگیزا و هەرگیز
لە بابەت تۆوە دڵم بگۆڕێ .

1356 ی هەتاوی

****

# دەریاکان

شەوە !
شکانەوەی پێکەنینە
لێکدانەوەی گرینە
کێ چووزانێ ، چها ڕەمزە
پشت ئەم دیوارە بەردینە.
ڕمبە ڕمبی ئاهەنگێکی دڵتەزێن دێ
خوڕەی خەستی شێعری خوێن دێ
ئەستێرەکان لە عاسمانی بێ سنوورا
بە پاکی ئەدرەوشێنەوە
بە سورعەتی سەرسوڕهێنەر
بۆ ؟ بۆ ؟ بۆ لێک دەکشێنەوە ؟!
شەپۆلەکان لە گەیشتن بە بەستێنی ئەبەدییەت ،
دەشکێنەوە .
بۆ ؟ بۆ ؟ بۆ ؟ بۆ ؟ ئەدی بۆ دەڵێن
هەرگیز کەسێ لە دنیای تر نەگەڕاوە ؟
تا خەبەرێ بێنێتەوە .
ئازادی بژێنێتەوە ؟!
من بە تەنیا هەر ئیمشۆکە
سەد هەزار جار هەر مردم و ژیامەوە
ساز کرام و ڕووخامەوە
ئاخرین جار هاوڕێی شێعرێ گەڕامەوە
فریشتەکان دەتاسێنێ .
کێ چووزانێ ، کێها شەهید
کەی ؟ لە کوێ ؟ چۆن ؟
لە سەر پەڕی کام سوورەگوڵ
بە خوێنی خۆی ئەم دیمەنە دەنەخشێنێ
هەرچەندە نایناسم کێیە
هەر یادەکەی هەست و گیانم دەسووتێنێ

>><<

دەریایەکان لە سروودی گەڕانەوەی بارانە دا
گەڕانەوە .
گوڵاڵەکان بە هەناسەی شێعری هۆمێر
ژیانەوە
هەر ئیمشۆکە هەزار سروود خوێنرانەوە

هێشتا هەزار هەزار هەزار
هەزار سروودی دی ماوە.
بەڵام یاران !
ڕمبە ڕمبی کاتژمێری دڵی پڕم سروودێکە
هەزار پەردە لەم سروودانە سەرترە
کێ چووزانێ، کێها هەتیو
کەی ؟ لە کوێ ؟ چۆن ؟
لە کۆڕی کام مۆسیقای غەم
لە باوەشی بێ دایکیا
لە هەرمانی جەهەننەمی بێبابیا
پێ بە پێی فرمێسکەکانی
لە قووڵایی دڵ و گیانی
ئەم سروودە بێ وچان دەخوێنێتەوە
هەرچەندە نایناسم کێیە
هەر یادەکەی هەست و گیانم دەسووتێنێ و
برینم دەکولێنێتەوە .

1358 ی هەتاوی

****

## کۆنەپەرستی

دەرمانە ، نیەن بادە و من بادە پەرستم
مەیخانە هەموو خەڵوەت و پەیمانە بە دەستم
بۆ چۆڕە شەڕابێ دەگەڕێم دەرکە بە دەرکە
هیچکەس نیە مەردانە وەدی بێنێ مەبەستم
ها.. هاتەوە بیرم هەمە خۆم کۆنە شەڕابێ
با دەست دەمە دەفری قەڵەم و چیدی نەوەستم
هەرکەس کە دەبینی هەموو دەم بە شتێکی مەستە
ئەمنیش بە درەوشانەوەی ئەستێرەیە مەستم
ئاوێنەیە دەستم وەرە بیخوێنەوە ساقی !
تا دەربکەوێ گەوهەری بێ وێنەیە هەستم
بازاڕی نیەن بادە و من بادە فرۆشم
گەر مەتڵەبە مەی، چێتی کە من کۆنەپەرستم ؟

1359 ی هەتاوی

****

## داوێنی نیگار

لە دوو چاوی گیانم خوێن دەبارێ
قەڵەم دەستم بە داوێنت نیگارێ
دەنا پاپۆڕی نەخشی بەرزە هەستێ
بە تاریکایی شەو دا دەچتە خوارێ

****

لە ئیقباڵی لاهوری وەرگیراوە :

گڕ و تینم لە تاریکایی ناوێ
ڕواوم من لە سەر ڕیشەی هەتاوێ
مەڕامیشم لە ئەوپەڕ تێپەڕینە
وتەم دەرنابڕم بۆ ناتەواوێ .

****

لە پەروینی ئیعتیسامی وەرگیراوە :

مێشێ دەیگوت بە جاڵجاڵووکە
دەست و پێی تۆ بە چەشنی چاڵووکە
جوابی داوە: نەفامی مێشک پووک !
مەلی زیرەک بەڵایەتی دندووک
با لە داوم کەوی زەلیل و زار
شەربەتت لێدەکەم بە ژەهری مار.

****

## کۆتری دڵ

خۆ دڵی من بوت نیٚ بیشکێنی بەهەشتت بەرکەوێ
کارەیەک نیم تا بە قەتڵم لێرە نێوت دەرکەوێ
دڵ پڕی ئەسراڕە وا هەردەم بە تاڵووکە و پەلە
دیدەکەی ئەفسانە ئاسایی وە گوڵئەختەر کەوێ
لەو دەمەی ڕا چاوی بازی هاتە ڕاوی کۆتری دڵ
ئەم دڵەی وێرانە ماڵم کەوتە داوی هەر کەوێ
دڵ کە بێژینگی هەزاران تیری ناپەیدایەتی
ئەو هەلەی وا هات و دیتم بوومە دەستەی هەر کەوێ
ئەودەمەی پێم گوت کە کەی دەتبینمەوە، گریا ، گوتی :
دڵنیابە هەردەمێکی کەو لە هەوران سەرکەوێ
هەر لە هەوری تاو و یاوی شەوقی شێعری شەوڕمێن
خوێن دەبارێ تا دڵۆپێ خوێن دەنێو جەوهەر کەوێ
شاهەڵۆی ئیلهام لە سەر دەریایی هەستم خول دەدا
بەڵکوو شاباڵی وە مەوجی قافیەی گەوهەر کەوێ .

1460 ی هەتاوی

****

بەحری خەم

هەناسە ناسە ئەم دڵەم
لە بەحری غەم مەلەی دەکا
نە بۆ کوتن دەبێ خەمی
نە بۆ کوتان پەلەی دەکا
هەژار و بیکەس و دەرە
بە ناهومێدی لێدەر
نە دایە دەگرێ وەخۆی
نە ئارەزووی لەلەی دەکا
هەبوو نەبووی کڕیوە خەم
دوو چاوی تێبڕیوە خەم
بە چەشنی چاوی شایەرێ
کە فوو دە تووزەلەی دەکا
نەما تەڕانە وو غەزەل
ئەوەی زرێ یە بۆتە زەل
نەمان و مردنی دەوێ
کە چاوێ لەو زەلەی دەکا
نە شاپەڕاوی گرفەیە
نە ڕاپەڕاوی گرمەیە
نە ڕادەوەستێ بۆ ئەبەد
نە چەشنی زەلزەلەی دەکا .

1361 ی هەتاوی

****

## به سەر دەڕۆم

ساقی ! به سەر دەڕۆم.
بەسەر شەپۆلی و شوعلەدا، بەسەر دەڕۆم .
خنکاوی ئاوی چاوی مەستتم
بەسەر زەمانی کاتژمێری تاقە دا
به سەر شەپۆلی پۆلی تەقڵەدا
به سەر هەناسە دا
هومێد و تاسەدا
شەراب و کاسە دا
به سەر دەڕۆم .
دڵبەندی بەندی بەندتم
قەڵغان و گوللە بەندتم
حەیرانی چۆن و چەندتم
ڕێبواری ڕێ و ڕەوەندتم
به سەر دەڕۆم .

1362 ی هەتاوی

****

# ئاوێنەی ئەسرار

هەتا چەوگانی زولفی دا لە گۆی قەلبی بریندارم
لەوێ ڕۆژێوە دڵ دەگری کە کوتراو و بریندارم
لەسەر سروایی چاوی ناوی خۆم دانا لە پێناوی
شێعر خوێنی دڵە، دەتکێتەوە هەردەم لە نێو زارم
هەناسەم سەردە یانی بێگومان زریانی زستانە
سریشکم یەک بە یەک دەخوشن ، شەهابن ، ئەز شەوی تارم
لە بەندی ئینتیزاری عەشقیا عومرێکە زیندانیم
گرفتەم ، چاوەڕێی لەفزێ لە بارەی ویم، گرفتارم
بە عەمدەن چوومە سەر ڕێگەی ئەوینم بەڵکوو بیبینم
کە دیتم قەت نەما خۆ بۆ نموونەش تۆزێ ئاسارم
چ سەیرەن سەیری تەیری عەشقی مەشقی بێپەڕ و باڵم
سەیرتر تا بڵێی ئاوێنەیی ئەسراڕ و ئیسراڕم
بە ژەهری ماری گیانی شەو بێ هەنگوینی بزەت، بەدرا !
بە غەیری لەیلەتولقەدری خوجەستەی زولفەکەی یارم
شەهید و شاهید و مەشهودی شەهدی ئەو شەکر لەعلەم
وەکوو ڕۆژ ، وەک هەتاوی نێوەڕۆیان ڕوونە ئیقرارم
لە عەسری ژیانەوەی یەک خاترەی شیرینی لەبخەندت
لە قەسری مەتلەعێکا ڕووحی عەشقت هاتە دیدارم
کوتم ئەی ڕوح موتیعم ، گەر موتاعی بۆچی پەیدا نی ؟
کوتی پەیدام و ناپەیدا، ئەگەر نوورم ، ئەگەر نارم
موحیتم یا موحاتم هەرچی هەم تەسویری تەقدیرم
لە دەوری مەرکەزی شەمعا منی پەروانە پەرگارم
چ بێڕەحمانە بۆمبارانی کرد ڕوانینی ئاتۆمیت
نە ئاداری لەسەر پاداری ما شاری دڵی زارم.
نەسیمی یادی دەنگی پێی ئەوینی دێ بە گوێی دڵما
دەبێتە لەعل و دوڕ ، دەتکێ لە چاوی سیس و خەمبارم .

1369 ی هەتاوی

****

بۆ شاعیرێ ، کە سەد ساڵی دی دێتە دی
کێو سێبەرتە
خۆر پڕیشکێکە لە هەستت
ڕووبار دەماری سێحرتە و
قافیە قفڵی شێعرتە و
کێش قەڵاتە .
لە حەساری ئەم قەڵا قورقوشمینەتا
داوەت شینە و شین داوەتە
ڕێگا ماری زولفی لوولی
هۆنینەوەی هۆنراوەتە .
جێ پێت گۆڕێکی تەنگ و تارە بۆ ناهومێدی و
خەیاڵت ڕەخشێکی فڕندەیە
دەترفێنێ بەورەو نەدیو .
بۆ تۆ باران
هەر دڵۆپێکی
ئاوێنەیەکە باڵاڕوان
بۆ ڕوانینی باڵای ڕووان
تۆفان تەحلیلی ڕەوانتە
لە ئەوپەڕی سەرکەشیدا
ئەستێرە تۆزی فرمێسکی شێعرەکانت
ناشکێنێ لە گەشیدا .
هەیهات ! پەتکی گێژەڵووکە
کۆترە شینکەی هەناسەتی خنکاندبێ
هەیهات ! بوومەلەرزەی نەهات
کۆشکی ڕوحتی
ڕماندبێ.
هەیهات ! هەیهات !
سمیناری داڕێژەری خووەرنەق بی
هەڵدێر درێی
لە هەڵدێری قەڵای شەو ڕا
قەڵایەکی بەرز و پۆڵایین
بە دەستی خەلاقییەتی هونەریت
دات ڕژتبێ .
هەیهات ! هەیهات !
بە دەستی خۆت
خۆت کوشتبیت و
ناشتبێ
هەیهات ! هەیهات ! 1372 ی هەتاوی

# هەزار ساڵە

هەزار ساڵە کۆرپەی غەمێک لە جۆلانەوەی هەناسەمدا ڕادەژێنم
هەزار ساڵە لۆتکەی تەمێک لەسەر گێژاوی خەیاڵم دەخولێتەوە
هەزار ساڵە مەلەوانی خەمی خۆمم
ئاشەوانی هەستی خۆمم
باخەوانی خونچەی ژانم
هۆ .. ناسکتر لە پەڕی گوڵ
بێ خەوشتر لە شووشەی بێگەردی شەونم
بێ ئازارتر لە پەپوولە
خەمی تۆ هەڵبەستێ ترە
گۆرانی گرفەی ئاگرە
قاسپەی خنکاندنی کەو و
گمەی سووتانی کۆترە
هۆ .. تیژپەڕتر لە برووسکە
هەزار ساڵە لە تۆ دەدوێم
لە شلێرە
لە مانگ ، لە خۆر ، لە ئەستێرە
هەزار ساڵە لە تۆ دەدوێم
لە سبەینێ
لە هەزار ساڵی داهاتوو
هەزار ساڵە سەرماوەز و
سەرماوەز و
سەرماوەزە .

1477 ی هەتاوی

****